

# ئاگـاداری

## جەماوەری تێکۆشەری کوردستان!

کۆچی دوایی نا وەختە و کتوپڕی ئەستێرە گەشەکەی ئاسمانی هونەری کوردەواری و کوردایەتی، ژنە شۆڕشگێری پێشمەرگە مەرزیە فەریقی داخێکی گران و خەمێکی گەورەی خستە دڵی هەموو کوردیکی هاوەن هەڵوێستەوە . بە داخەوە ئەم هونەرمەندە ناسراو و پێشمەرگە بە ئەمەکەی گەل ، کە توانیبوی جێگای شیاوی خۆی لە دڵی هەمولایەکماندا بکاتەوە ، بە داخەوە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری ستۆکهۆڵم و لە پای نەشتەرگەریەکی نا دروستدا لە وڵاتی سوید لە ڕێکەوتی 18.09.2005 دڵە گەورەکەیان لە لێدان خست و ناچاری دوا ماڵ ئاوایی یەکجارەکیان کرد لە هەمولایەکمان و هەموشمان بۆ ئەم کۆستە گەورەیە چەند ڕۆژێکە بارانی خەم بە گوڕ بە سەرماندا دەبارێت .

هەر بەم بۆنەوە و بە مەبەستی ڕێزگرتن لە یادی ئەو ئازیزە ، پێکهێنانی کۆمیتەیەکی هاوبەشی حیزب و لایەنە کوردستانیەکان بە پێویستیەکی مێژویی زانی تا بتوانێت ، مەراسیمی کۆڕێکی ماتەمینی شایستە بە کۆچی پڕ ئازاری خاتو مەرزیە لە شاری هێلسنکی ڕێک بخات .
بۆیە خوشک و برایان داوا لە هەموو ئێوەی بەڕێز و هونەرمەند و خەڵکی کوردی خەباتکاری دانیشتوی فینلاند دەکەین کە ئامادەی ئەم کۆڕەببن و ئێوەش بە ئامادەبون بەشداریکردنتان هەریەکەتان چڵێ نەرگزی ویژدانتان دەخەنە سەر مەزاری پیرۆزی و خەباتە کوردانەکەی .
ڕێکەوت و کات و ئادرەسی شوێنی مەراسیمەکە:

Kontulan vanhustenkeskus Kotikonnuntie 14

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 2005/10/01

لە کات ژمێری 14.00 - 18.00

بۆ ئاگاداری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بە هەرکام لە م لایەنانەوە بکەن کە لە خوارەوە ناوەکانیان نوسراوە :

یەکێتی نیشتمانی کوردستان کومیتەی فینلاند
پارتی دیموکراتی کوردستان کەرتی فینلاند
کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران کومیتەی فینلاند

**حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کومیتەی فینلاند**

**ناوەندی چاک**

